# وەڵامێك بۆ (ئیلینور چەڤیك)

مستەفا گەلاڵەیی_سۆران

ئەم وەڵامە بۆ ئەو چاوپێکەوتنەی (ئیلینۆر چەڤیك)ی سەرنووسەری رۆژنامەی(THE NEW ANATOLIN)ە، کە لە هەفتەنامەی میدیا ژمارە(272) رۆژی سێشەممە 2007\1\9 بلاۆکراوەتەوە.

من لە سەرەتادا دەڵێم دەبێ رۆشنبیری نوێخواز(نوێکار)و سەردەمی بە جیهانی بوونی دنیاو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پێویستە سەرجەم کەلتورو فیکرەکانی دنیا باش بخوێنێتەوە، بۆ دروستکردنی هەستێلی ناسكو رۆشنبیرانە لای سەرجەم مرۆڤایەتی.

ئا لێرەوە(ئیلینور چەڤیك) وێنیەکی تەواو و دیکۆمێنتاریمان پێشاندەدات لەسەر ئەوەی کە ئەو بە هەموو توانستێکی خۆی دۆستی کوردە، بە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش سەر لەبەری پەیوەندیە ڕۆحییەکانو نیشتیمانییەکان گرێدەدات بە تۆڕانییەتەوە، کاتێك کە باس لە نەتەوەیەك دەکات وا دەزانێ ئەو نەتەوەیە بێ نیشتیمانو بێ کەلتوورو بێ زمانو دوور لە هەموو بنەمایەکی نەتەوین، وا دەزانێ ئەو مرۆڤ گەلە هیچ بنەمایەکی ژیانیان پێویست نییە، سەیر نییە لە دنیای مۆدێرنەو چەمکەکانی مۆدێرنەدا مرۆڤێکی وەکو(ئیلینۆر چەڤیك) بڕوای بە کوردستانی گەورە نەبێ، ئەو هیچ کاتێك وەك مرۆڤ گەلێك بیر ناکاتەوە، چونکە ئەو لە ژێر دەستەلاٚتو ترادیسیۆنێکدا پەروەردە کراوە بە هەموو مانایەك هەڵگری ئەو مەعریفەیە کە لە ناخی هەر تۆڕانییەکەدا ئامادەیە، لە نێو دەستەلاٚتێکی هەر تۆتالیارێکدا رۆشنبیری گرگنو شۆڤێنیی دێنێتە بەرهەم، بۆ ئەوەی بەردەوام موجامەلە لەسەر دەستەلاٚتی دەوڵەتەکەی بکات، ئیتر گرینگ نییە ئەو دەستەلاٚتە دیکتاتۆری بێ یا دیموکراسی خواز، بەلاٚم ئەو خۆی دەرهاویشتەی نێو حوکمێکی تاریكو لە نێو کۆمەڵێك یاسای جەنگدا لە دایك بووە، بەلای ئەو جۆرە رۆشنبیرە (کێ درندەترو دەست بە خوێن)ە، ئەو سەروەرەو گەورەیە، ئەو رۆرشنبیر نییە لەبەردەم دەستەلاٚتدا بتوانێ بڵێ: کێشەی کورد کێشەیەکی ڕەوایە، پێویستە ئەوانیش وەکو ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەتو کیانی خۆیانن با دەوڵەتێکی کوردیش هەبێت، بەلاٚم ئەو هەرگیز پێویستی بەو جۆرە گۆتنانە نییە، و پێویستی بەم جۆرە دەستەلاٚتە هەیە هەر چەندە سەرکوتکەرو سەتمکاریش بێت، مێژوو پڕە لە دووبارە بوونەوە، ئەوەی پێی حەرامە ئەوەیە کە لە کەناڵێکی کوردی( موردا قەرەیلان) بەدەرکەوتوە، ئەم ڕوانینە بە ڕوانینی رۆشنبیر ناچێت، بەڵکو لە دەستەلاٚتێکی شۆڤینیانە دەچێت، ئەو وەك رۆشنبیرێك چ پەیوەستەبەوەو کە مەبەستی وروژاندنی ئەو عەقڵە دیکتاتۆریەی جەنەڕالەکانی تورکە، بۆ ئەوەی بیان جولێنێ، ئەو رۆشنبیرە تەواو غەرقی نێو گۆمی خوێن بووە، وەك: دەستەلاٚتی جەنەڕاڵێك بیر دەکاتەوە، ئەو تەنها ئەوەندەی دەوێت غەرقی قسەکردن نەبێتو قسە بکات، ئەو جۆرە رۆشنبیرە تەواو لە نێو ڕژێمە تۆتالیتاریسەکاندا ئامادەگیان هەیە، ئەویش دەیەوێت پانتاییەکانی عەقڵی کورد مۆنۆپۆل بکات، ئەمەش مەحاڵییەکی گەورەیە، ئەو بتوانێ خۆ بە دۆستی کورد بزانێ، چونکە ئەبێ رۆشنبیر میهرەبان بێت خاوەنی ڕاستی بێت، ڕاستگۆیانە بنووسێو بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان وون نەبن، رۆشنبیر بەر لە هەموو شتێك ئاستی ڕوانینی جیاواز بێ لەگەڵ دەستەلاٚتدارێکی ووتەلاٚتەکەی، ئەگەر تەواو دەستەلاٚتە تۆتالیتارەیەکەی تورکیا ڕاڤە بکەم بە جیهان بینی ئێستا سەیری بکەین، ئەوە لە نێو بابەتەکەم جێگای نابێتەوەو زۆری دەوێ، کە وەکو (بەختیار عەلی) دەڵێ: "جیهانبینی قسەکەرێکی گەورەیە، قسەکەرێکی مێژووییە"، ئەو دێر هەمو شتێك دەبەخشێ بە (ئیلینۆر چەڤیك) دەیەوێت سەر لە بەر دەنگی نەتەوەیەك کپ بکاتەوە لە پێناو دابین کردنی ژیان گەلێکی خۆش بۆ منداڵە تورکەکان، دەبێ بزانێ ئەم نەوەیە جیاواز گەلێکی زۆری هەیە لەگەڵ نەوەی ڕابردوودا، چونکە ئەوە کۆمەڵێك مەعریفەی لە خۆ حەشارداوەو خاوەنی دیالۆگەو دەیەوێت کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، بەلاٚم لەخۆی دەپرسین کێ هەڵگری پەیامی شەروخوێنە؟ هەر چەندە ئەو هیچ تەفسیرێکی تری بۆ دنیای تورك قبوڵ نییە، ناتوانێ بڵێ: تورك ئەمە هەڵەیە، کە بەرامبەر هەمو مرۆڤێك بیکات، بەلاٚم تاکە تورکێك لە هەر شوێنێکی دنیا پەنجەی بە خوێن بێت، ئەوە لەسەری هەڵدەداتێ، بەلاٚم ناتوانێ چەند دێرێك لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بنووسێ، بەڵکو نکۆڵی دەکات، جگەلەو جینۆسایدە کە بەرامبەر نەتەوەی کورد دەکرێت، کە هێندە فەرزەندەیەکی عاقڵە، رۆشنبیرێکی ڕاستگۆیە خەیاڵی ئەوەی هەیە لە وەهمێکی تردا بژی پێویستە رۆشنبیرێکی خامە فرۆش نەبێ، لەبەر ئەوەی جدیو نوێخوازی رۆشنبیری سەربەخۆ لەوە بەدەر دەکەوێت ئازادانە بنوسێو ڕەخنە بگرێتو ڕاڤە کارێکی توند بێت لەسەر جیاوازیەکانو ڕوداوەکان، نابێت رۆشنبیری ئێستای نوێگەری ووتەکۆنەکان لێداتەوە، کە پاش وێرانکاریو داگیرکاری سەردەمی دەستەلاٚتی عوسمانیەکانە، رۆشنبیرێکی هەزیلو نەخۆشە ڕادەی بیرکردنەوەی گەیشتۆتە ئەوەی رقی لەسەربەخۆی نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆنی یە، هەڵگری نەریتی کۆنە، دەڵێت: نەخێر بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەبێ بزانێ کە کاتێك دەڵێت: نەخێر ئەوە داخستنی هەموو دەرگاکانە لەسەر گفتوگۆی شارستانیانە، رۆشنبیر نابێت هەر ڕاوەشێنێ بۆ ووتەزاکانی حکومەت بەرامبەر مرۆڤایەتی دەیکات چ جای ئەوەی ئەو دروشمو قسەی بریقەداری بۆ دەکاتو بەشداری لە خۆشکردنی ئاگردا دەکاتو هانی جەنەڕاڵەکان دەدات بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی خوێناوی، کە خۆشی تەواو تێدەگات کە

دەستەلاتی تورك چەند خوێن ڕێژە، لەبەر ئەوەی نوسەرێکی وەك بەرێز(بێشکچی) وەك مرۆڤێك بیر دەکاتەوەو ڕاستیەکان ئەخاتە بەرچاو ناسیۆنالیزمێکی کوردە، لەخۆ بردووی ئەم نوسەرە وای کردووە کە ڕووە جوانەکانو ناشیرینەکانی دەستەلاتی تورك بخاتە بەرچاوی خوێنەران، لەبەرئەوەی مەحکومیان دەکات بەو خوێن ڕشتنەی کە دەستیان داوەتێ بەرامبەر نەتەوەیەکی بێ پشتیوانو نیشتیمانێکی داگیرکراو، من شانازی بە بەرێز"بیشکچی" دەکەم کە مرۆڤێکی ڕاستگۆو لەخۆبردووەو وەك مرۆڤێك بیر دەکاتەوە خۆزگە ئەوەی دەڵێ: وابوایە (بێشکچی) ناسیۆنالیزمێکی کوردبوایە، بەلاّم تۆ دەتەوێت موزایەدە بە ئەرکی ڕۆشنبیریو ڕوناکبیرییەوە کەیت، وا دەزانی هیچ ئەرکێکی گۆڕانکاری ئەو تۆی لە ئەستۆدا نییە، بێ گومان دەبێ ئەوە بزانێ دوا ڕۆژ پەشیمان بونەوە دادی تورك داگیرکەرانی کوردستان نادات، پێویستە بە دەروازەیەکی ترەوە بێنە ناو گفتوگۆ ئەوسا نەتەوەی کوردیش بە ئاستێکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ ئەواندا دەکات، ئەو ئەرکێکی لەسەر شانە ئەویش گۆڕینی ستراکتوری کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگای تورکە بەرامبەر بە کێشەی کورد، کە پێویستە کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە خاوەنی کیانو دەستەلاتی خۆی بێت، بۆ ئەوەی داهاتووی داگیرکەرانیش بە ئاسوودە لە نیشتیمانەکەیاندا بە ژیانگەلێکی بەختەوەر بژن، بەلاّم ئەو نەریتە کۆنانەی ڕۆشنبیرێکی وەك: (ئیلینۆر چەڤیك)، هەڵیگرتووە لە خزمەتی نەوەی داهاتوو نییە، ئەو ئەگەر خوازیاری ئەوە بێت، کە کوردستان لە ژێر دەستی داگیرکەراندا بمێنێتەوە، ئەوە بەبێ خوێندنەوەی جیاوازیەکانی ئێستا سیستەمی نوێی جیهانو گۆڕانکاریە جیهانییەکان لەگەڵ ڕابردوودا، ئەو دەیەوێت تورکیا بگەیەنێتە ئەو ئاستەی عیراق تێیکەوتووە، بۆیە ڕاست دەکات ئەو (بێشکچی) دوو کەسی لە یەکتر جیاوازن، چونکە بەرێز"بیشکچی" وەك مرۆڤێك دەڕوانێتە ڕووداوەکانو ئەویش وەك تۆڕانییەکی شۆڤێنی، دەبێ بزانی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ڕۆژهەلاّتی ناوین ڕوویداوە(تورك) پێی قبوڵ ناکرێت، بەلاّم ئەوکات(ئیلینۆر چەڤیك) ئەتوانێ بڵێ: من قبوڵم نییە، هێندە شۆڤینیانە بیر دەکاتەوە پێی وایە نابێت کەس بڵێت کوردستانی باشوورو باکورو ڕۆژهەلاّتو ڕۆژئاوا، ئەو پێی ئەوە تاوانێکە دەرهەق بە داگیرکەران دەکرێت، کام مافو کام ئازادیو ژیان کە کورد هەیەتی لە کوردستانی باکوور کە تا ئێستاش ناتوانن بە زمانی دایکیان بخوێنن، یان جلی کوردی بپۆشن، یان داوای کەمترین مافی خۆیان بکەن، من ئەوەندە دەڵێم ئەو ڕۆشنبیرێکی کوێرو کەڕو لاڵە.